# پاڵێوراوانی ئـ

یەکێك لـە گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین بۆنـە هونەرییەکان لەسـەر ئاسـتی جیهان، بریتییـە لە ئاهەنگی دابەشـکردنی خەڵاتەکانی فیلمی ئەکادیمی (ئۆسـکار) و سینەماکارانی جیهان ئەوانەی پاڵێوراون بۆ بەدەسـتهێنانی خەڵاتـە جۆراوجـۆرەکان و ئەوانـەی کـە پاڵێوراویـش نین و هەوادارانـی هونـەری حەوتـەم بـە تامەزرۆییـەوە بـۆ زانینـی براوەکان چاوەڕوانی شـەوی ١٠ـی شـوباتی ئەم سـاڵ دەکـەن، بۆ ئەم سـاڵیش چەندیـن فیلـم و ئەکتەر و

**ئەمەش لیستی پاڵێوراوەکانە بۆ ئۆسکاری ساڵی ٢٠٢٠ لە گشت بوارەکان:**

**باشترین فیلم :**

- ١٩١٧
- The Irishman
- Joker: پاڵێوراوە بۆ (١١) خەڵاتی ئۆسکاری ئەم ساڵ.
- Once Upon a Time… in Hollywood
- Parasite
- Ford v Ferrari
- Jojo Rabbit
- Little Women
- Marriage Story

**باشترین فیلمی نێودەوڵەتی (بیانی)**

- Corpus Christi
- Pain and Glory
- Parasite
- Honeyland
- Les Miserables

باشترین دۆکیومێنتاری

- American Factory
- The Cave
- The Edge of Democracy
- For Sama
- Honeyland

**باشترین کورتە دۆکیومێنتاری**

- In The Absence
- Learning to Skateboard in a Warzone (If Youre) a Girl
- Life Overtakes Me
- St. Louis Superman
- Walk Run Cha-Cha

**باشترین ئەنیمەیشن**

- How to Train Your Dragon: The Hidden World
- Klaus
- I Lost My Body
- Toy Story 4
- Missing Link

**باشترین دەرهێنەر**

- سام مێندێز — ١٩١٧
- مارتن سکۆرسێزی — The Irishman
- تۆد فیلیپس — Joker
- کوێنتین تارانتینۆ — Once Upon a Time… in Hollywood
- بۆنگ جوون هۆ — Parasite

باشترین سیناریۆی رەسەن

- ١٩١٧
- Knives Out
- Marriage Story
- Once Upon a Time… in Hollywood
- Parasite

**باشترین سیناریۆی وەرگیراو**

- The Irishman
- Jojo Rabbit
- Joker
- Little Women
- The Two Popes

**باشترین خانمە ئەکتەر**

- سینسیا ئێریڤۆ لە فیلمی – Harriet
- سکارلێت جۆهانسن لە فیلمی – Marriage Story
- سۆرشا رۆنان لە فیلمی – Little Women
- چارلز تێرۆن لە فیلمی — Bombshell
- رێنێ زێلڤیگەر لە فیلمی – Judy

**باشترین ئەکتەر**

- لیۆناردۆ دیکاپریۆ لە فیلمی – Once Upon a Time… in Hollywood
- ئادەم درایڤەر لە فیلمی – Marriage Story
- ئەنتۆنیۆ باندێراس لە فیلمی – Pain and Glory
- خواکین فینیکس لە فیلمی – Joker
- جۆناتان پرایس لە فیلمی – The Two Popes

باشترین خانمە ئەکتەر لە رۆڵی پاڵپشت

- لاورا دێرن لە فیلمی – Marriage Story
- سکارلێت جۆهانسن لە فیلمی – Jojo Rabbit
- فلۆرێنس پیو لە فیلمی – Little Women
- کاسی بەیتس لە فیلمی – Richard Jewell
- مارگۆت رۆبی لە فیلمی – Bombshell

**باشترین ئەکتەر لە رۆڵی پاڵپشت**

- تۆم هانکس لە فیلمی – A Beautiful Day in the Neighborhood
- ئەنتۆنی هۆپکینس لە فیلمی – The Two Popes
- ئاڵ پەچینۆ لە فیلمی – The Irishman
- جۆو پێشی لە فیلمی – The Irishman



# ۆسكاری ٢٠٢٠

دەرهێنەر لە بوارە جیاجیاكاندا پاڵێوراون بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەكان، وەك هەمیشە ركابەرییەكی زۆریش لە نێوان پاڵێوراواندا هەیە، بەتایبەتی لە بەشی باشترین فیلم و باشترین ئەكتەر، لە باشترین ئەكتەر خواكین فینیكس بەرچاوترین پاڵێوراوە و پێش چەند رۆژێك خەڵاتی گۆڵدن گلۆبیشی بەدەستهێنابوو، پێشبینی دەكرێت فیلمەكە ژمارەیەكی پێوانەیی لە خەڵاتەكان بەدەست بهێنێت .



- براد پیت لە فیلمی – Once Upon a Time… in Hollywood

**باشترین مۆسیقای رەسەن**
- ١٩١٧
- Marriage Story
- Joker
- Little Women
- Star Wars: The Rise of Skywalker

**باشترین سینەماتۆگرافی**
- ١٩١٧
- The Irishman
- Joker
- Once Upon a Time… in Hollywood
- The Lighthouse

**باشترین چاككردنی فیلم (ئێدیتشین)**
- The Irishman
- Jojo Rabbit
- Joker
- Ford v Ferrari
- Parasite

**باشترین دیكۆر**
- ١٩١٧
- The Irishman
- Jojo Rabbit
- Parasite
- Once Upon a Time… in Hollywood

**باشترین جلوبەرگ**
- The Irishman
- Jojo Rabbit
- Joker
- Little Women
- Once Upon a Time… in Hollywood

**باشترین ماكیاژ**
- ١٩١٧
- Bombshell
- Joker
- Judy
- Maleficent: Mistress of Evil

**باشترین تێكەڵكردنی دەنگ**
- ١٩١٧
- Joker
- Ford v Ferrari
- Once Upon a Time… in Hollywood
- Ad Astra

**باشترین چاككردنی دەنگ**
- Ford v Ferrari
- Joker
- ١٩١٧
- Once Upon a Time… in Hollywood
- Star Wars: The Rise of Skywalker

**باشترین ڤیژوەڵ ئیفێكت**
- ١٩١٧
- Avengers: Endgame
- The Irishman
- The Lion King
- Star Wars: The Rise of Skywalker

**باشترین گۆرانیی رەسەن**
- گۆرانی (I Cant Let You Throw Yourself Away) – لە فیلمی Toy Story 4
- گۆرانی (Im Gonna Love Me Again) – لە فیلمی Rocketman
- گۆرانی (Into the Unknown) – لە فیلمی Frozen II
- گۆرانی (Im Standing With You) – لە فیلمی Breakthrough
- گۆرانی (Stand Up) – لە فیلمی Harriet

**باشترین كورتە ئەنیمەیشن**
- Dcera (Daughter)
- Hair Love
- Kitbull
- Memorable
- Sister

**باشترین كورتە فیلمی لایف ئاكشن**
- Brotherhood
- Nefta Football Club
- The Neighbors Window
- Saria
- A Sister



## یارا:

# لە خۆشەویستی پەشیمانم

## نیکۆڵ کیدمان:

# تۆم کروز منی لە دەستدرێژی پاراست

دوای چەندین ساڵ لە جیابوونەوەیان خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوسترالی (نیکۆڵ کیدمان) هۆکاری سەرەکیی هاوسەرگیریی خۆی و تۆم کروزی بۆ میدیاکان راگەیاند. کیدمان و کروز ساڵی ١٩٩٠ دوای بەشداریکردنیان لە فیلمی (Days Of Thunder) ژیانی هاوسەرییان پێك هێنا، بەڵام دوای ماوەی دە ساڵ جیابوونەوە، لە بارەی پەیوەندیی هاوسەریی نێوانیان نیکۆڵ دەڵێ: «تەمەنم زۆر بچووك بوو، کاتێك ئەو بڕیارەم دا، هەستم کرد کە بەم بڕیارە بەهێزتر نابم، بەڵام ئەو هاوسەرگیرییە منی پاراست و من و کروز خۆشەویستییەکی راستەقینە و بەهێز لە نێوانماندا هەبوو، ژیانی هاوبەشیش لەگەڵ پیاوێکی بەهێز منی لەو دەستدرێژییە پاراست کە ئەو کات لە ناوەندی هونەریدا باو بوو، ئەستەم بوو ئافرەتێك بەبێ بوونی پاڵپشتییەکی بەهێز بتوانێت خۆی بپارێزێت، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم، چۆن هاوسەرگیریم لەگەڵ کروز منی پاراست، بە هەمان شێوە بە جیابوونەوەشمان من زیاتر گەشەم کرد».

هەروەها تیشکی خستە سەر تاوانەکانی دەستدرێژی کە خانمە ئەکتەرەکان رووبەڕووی دەبوونەوە و لەبارەشەوە گوتی: «هەر لەو کاتەی منداڵ بووم بە چەند ساتێکی ناخۆشدا تێپەڕیم، بەڵام ئایا دەتوانم لە وتارێکدا ئەمە باس بکەم و بیخەمەڕوو؟ ئایا لە چوارچێوەی کارەکانی من بووە؟ بێگومان ئەوەی روویدا لەلایەن ئەو کەسانە بوو کە لە بواری هونەری نواندندا کار دەکەن»



کچە گۆرانیبێژی ناسراوی لوبنانی (یارا) لە دیمانەیەکدا باس لەوە دەکات کە لە ژیانی خۆیدا وەك هەر کچێکی ئاسایی ئەویش جارێك خۆشەویستیی کردووە، بەڵام پەشیمانە.

یارا دەربارەی خۆشەویستییە چاوەڕوان کراوەکەی گوتی: «زۆر کەس هەن کە داوای پەیوەندیی خۆشەویستیم لێ دەکەن، بەڵام هەر کەسێك بیەوێت لێم نزیك ببێتەوە، تاریق ئەبو جودەی بەڕێوەبەری کارەکانم بە هیچ شێوەیەکی ڕێگای پێ نادات، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە رازی دڵی خۆیشیم بۆ دەرببڕێت، چونکە تاریق ئەبو جودە زۆر ئاگای لە منە».

یارا تیشك دەخاتە سەر خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی پیاو، بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێ: بێگومان یەکەم و سەرنجڕاکێشیی روخسار کاریگەریی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە پیاواندا سەرنجم رادەکێشی ڕێزگرتن و تێگەیشتنیەتی کارەکانم و ئەو بوارەی کە کاری تێدا دەکەم»، سەبارەت بە بڕیاری کۆتایی پێهێنان بە پەیوەندیی لەگەڵ پیاویارا دەڵێت: « ئەگەر پیاوێك هەڵەم بەرامبەر ئەنجام بدات و بزانم بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئاشت ببینەوە، ئوکات راستەوخۆ پێی دەڵێم بڕۆ خوات لەگەڵ، حەز دەکەم ئەوەشتان پێ بڵێم کە من جارێك تووشی داوی خۆشەویستی بووم، بەڵام ئێستا پەشیمانم».

سەبارەت بە لێبووردن لە کەسێکیش کە هەڵەی بەرامبەری بکات ئەو خانمە دەڵێ: «من زۆر لێبووردەم، بەڵام ئەگەر کەسێك سنوورەکانی ببەزێنێت، ئەو کات ناچارم بڕیارێك بدەم، تا سنوورێکی بۆ دابنێم».

# سیلینا گۆمێز بە هانای ئوسترالیاوە دەچێت



کچە گۆرانیبێژی و ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی (سیلینا گۆمێز) بەوە ناسراوە کە بەشدارییەکی زۆر لە کارە خێرخوازییەکاندا دەکات و یارمەتی زۆر کەس دەدات، بەم دواییەش بڕێکی زۆر پارەی پێشکەش کردووە بۆ بەهاناوەهاتنی قوربانیانی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکانی ئوسترالیا و دامرکاندنەوەی ئاگرەکە.

لەم رووەوە میدیاکان رایانگەیاند کە سیلینا بڕیاریداوە بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پێشکەش بە قوربانیانی ئاگرکەوتنەکەی ئوسترالیا بکات، پێشتریش زۆر لە ئەستێرە ناسراوەکانی جیهان لەم بارەوە بەشداریی کردووە لەوانە لیۆناردۆ دیکابریۆ بە زیاتر لە دە ملیۆن دۆلار و ئالتۆن جۆن بە بڕی یەك ملیۆن و کیلی مینۆگی ئوسترالی بە نیو ملیۆن دۆلار بۆ ئەو پیاوانەی ئاگر کوژینەوە کە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ کۆنترۆل کردنی ئاگرەکە.

بە هەمان شێوە ئەستێرەی جیهانی کریس هیمسورس و خانەوادەکەی بڕی یەك ملیۆن دۆلاریان پێشکەش بە پیاوانی ئاگرکوژاندنەوە کرد و داوایان لە گشت کەسایەتییەکان کرد کە هەمان هەنگاو بنێن، کریس هیمسورس لەو بارەیەوە گوتی: «دەمەوێ پشتگیریی ئەو کەسانە بکەم کە لە جەنگدان دژی ئەو ئاگرە، من و خانەوادەکەم بڕی یەك ملیۆن دۆلار پێشکەش دەکەین، هەر بڕە پارەیەك ئەگەر کەمیش بێت گرنگە، بۆیە هەرچەندێك کۆ بکەیتەوە مایەی ڕێزە».

هەر بەم بۆنەیەوە لەسەر ئەکاوەنتی خۆی لە ئەنستاگرام لینکەکانی پشتگیریکردنی لە پیاوانی ئاگرکوژاندنەوە و ڕێکخراو و کۆمەڵە خێرخوازییەکان بڵاو کردەوە، ئەوانەی کار دەکەن بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و لە کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەدا بەشداری دەکەن.

## ژیان لە درزی هاوێنەوە

# (نەوزاد محەمەد)، عاشقەکەی کوێستان

نەوزاد محەمەد وێنەگرێکی ناسراوی باشووری کوردستانە و تا ئاستێکی بڵند بووەتە وێنەگرێکی پیشەگەر، ئەزموونی ساڵانی پێشمەرگایەتیی خۆی وەك دەرفەتێك قۆستەوە، دیمەنی سرووشتی چیا و گوندەواری کوردستان و خەڵکی گوندنشین، بە تایبەتی خەڵکی کوێستان زۆر سەرنجیان راکێشاوە، ژینگەی پڕ لە تەلیسمی جوانی و ژیانی نێو ئامێزی چیاکانی پڕ لە میهرەبانی و فەڕ و بەرەکەتی کوردستان، هەست و هۆشیان کەمەندکێش کردووە، بۆیە بە خولیایەکی زۆرەوە کەوتۆتە نێو دنیای وێنەگری (هونەری فۆتۆگراف)، خەرمانی کارکردنەکەی لە هەردوو ئاستی فۆتۆ و ڤیدیۆدا گەنجینەیەکی گەورەی ستاتیکا پێك دەهێنێت.

بەرنامەی (هەگبەی بنار) کە ساڵانێك بەر لە ئێستا، بۆ کەناڵی ئاسمانیی زاگرۆس ئامادەی دەکرد، ئنجا بەدەم ئاواز و گۆرانیی کەڵە سترانبێژانی کوردەوە لە شاشەی ئەو کەناڵەوە پەخش دەکرا، یادگە و یادەوەریی هەموومانی زاخاو داوە. ئاخر بە راستی مرۆڤ لە رێی ئەو بەرنامەیەوە بە گەلێك داب و نەریتی گوندەواری کوردستان و سرووشتی سیحراویی وڵات ئاشنا دەبێت، پاراستنی ئەو ڤیدیۆئەرشیفە دەوڵەمەندەی بەرنامەی (هەگبەی بنار) وەك سامانێکی نیشتمانی ئەرکێکە کە نابێت نەوزاد محەمەد لە بیری بکات. تۆمار کردنی ڤیدیۆکان بە تەکنیکی تازە و تازەتر و دابەش کردنی (بە هەر شێوازێك بێت کە بەرژەوەندی و مافی خاوەنەکەی لەبەرچاو بگیرێت) بەسەر ناوەندەکانی هونەر و ئەرشیف لە کوردستاندا، ئەرکێکی زۆر پیرۆزە.

(بە بن گری باوە گوڕگوڕەوە تا کەڤییەکانی مەرگەوەڕ) دوایین پیشانگای تایبەتی (ڤیدیۆ-فۆتۆ)ی نەوزاد محەمەد بوو، کە رۆژی ٢٠٢٠/١/٢ لە هۆڵە مەزنەکەی ناوەڕاستی تەلاری سەنتەری






**سرووشتی کوردستان دڵڕفێنە و هەمووشمان ئەم راستییە دەزانین، زۆر ئاسانە بە قسە بیڵێیت و بە بەر گوێی ئەم و ئەویدا بدەیت کە سرووشتی کوردستان جوانە، کێ دەتوانێت ئەم جوانییە راو بکات، کە ئەگەر ئێمە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بین، ئەو بتوانێت ئەو جوانییە بخاتە بەر دیدە و سەرنجمان؟**

**هونەری فۆتۆگرافی (وێنەگری) دەروازەیەکی گرنگە بۆ قسەکردن بە زمانی جوانی لە بارەی جوانیی کوردستان و هەروەها هەموو رواڵەت و دیاردەیەك کە بە چاو دەبیندرێت.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

رۆشنبیریی کەرکووك کردییەوە و میوانێکی زۆری هونەردۆست سەردانی ئەو پیشانگایەیان کرد، میوانانی پیشانگاکە دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا کە بە دنیای کوێستانی کوردەواری و ژیان لە نێو چیا و سەختەنەکانی قووڵایی کوردستان ئاشنا بن. وێنەکانی پیشانگاکە چەندین گرتەی ئەو ژیانە پێشمەرگەی پارتە جیاجیاکانی کوردستان، خەڵکی رەوەند و دانیشتووی کوێستان، سرووشتی پڕ لە ئەندێشە و جوانیی ناوجەرگەی وڵاتی کوردەوارییان خستە بەر دیدەمان، هەروەها ئەو شتانە و گەلێك شتی دیکەی لە ئێمە پەنهان و شاراوە، بەڵام لە نێو چیاکانی کوردستاندا، ئاشکرا و لەبەر چاون، بە ڤیدیۆ خرانە بەردەمی میوانان.

نەوزاد محەمەد پێی وایە سرووشت هەر چەندی لە رووی جوگرافییەوە بەرەو سەختی بچێت، هێندە جوانتر و رەنگینتر و پڕ لە وردەکاری دەبێت. لە نێو چیادا ژینگە زۆر بەخشندە و دەوڵەمەند خۆی دەنوێنێت، مرۆڤی ئەم ژینگەیەش خەسڵەتی ژینگەکە دەگرێت، بۆیە لە گوندەکانی (شوان وساڵەیی و شێخ بزێنی) لە کەرکووك کە زێدی خۆیەتی، کامیراکەی کەمتر لە گەڕدایە، بابەتەکەش هەر ئەوە نییە ئەو عاشق و شەیدای کوێستان و چیاکانیەتی، بەڵکوو ئەو پێی وایە «جیاوازییەکی زۆر لە چەندین رووەوە لە نێو هەردوو ژینگەی کوێستان و گەرمیاندا هەیە»، بە تایبەتی کە کوێستان مرۆڤ بەرەو قووڵایی خاکی کوردستان دەبات، لەوێشدا هەموو ریشاڵ و سەرەباس و سەرەداوی هەر پرس و بابەتێکی کورد و کوردستان بە یەك دەگەن، ئەو قووڵاییەی کوردستان لە رووی فۆرم و دیمەن و رەنگ و ژیان و کولتوور و ئەتمۆسفیر و کەش و ژینگەوە، دنیایەکی فرە رەهەند دەخاتە بەر چاوی هەموو کەسێك، ئیدی مرۆڤی عاشق پتر لە هەر کەسێکی دی، مەست و حەیرانی دەبێت.

